السبت 5 شوال 1440

سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەرەتا | دەربارە | پەیوەندی | ئەرشیف

سەرەتا هەواڵ وتار توێژینەوە گفتوگۆ گەلەری بڵاوکراوە چالاکی ڤیدیۆ کتێبخانە

کوردی | عربي

گەڕان ... گەڕان گەڕانی پێشکەوتوو

Zahawi Center زەهاوی..
Liked 21K likes

ووتار

Like 0 Tweet Share

# ڕانانێک بۆ (بزاڤی هاوچەرخی کورد)

بەروار: 25/10/2018
بینین: 168

کۆسرەت صالح



***کۆسرەت ساڵح ئەحمەد***
***توێژەر و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر***

ڕانانی ئەم جارەمان تایبەتە بە کتێبێکی گرنگی یەکێک لە نووسەرە ناوازە و دیارەکانی کوردستان، تایبەت لە بواری مێژوو، کە بە هەر سێ زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی و کوردی خزمەتی بە مێژووی هاوچەرخی کورد کردووە و دەکات، ئەویش (دکتۆر عوسمان عەلی)ــە.

پێکهاتەی ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بریتییە لە چەند لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی زانستی کە بەرێچکە و فلتەرەکانی ئەکادیمیی تێپەڕبوون، بەشێکیان بەزمانی ئینگلیزی و بەشەکەی تری بە عەرەبی، دواتر وەک کتێبێک چاپکراون و پاشان بۆ کوردی وەرگێردراون.

چاپی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبە بەناونیشانی (دراسة فی الحركة الكردية المعاصرة) بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لەلایەن (کامەران جەمال بابان زادە) بەناونیشانی (چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد) وەك بەرهەمی ژمارە 8ی پەیمانگای جیهانیی فیکریی ئیسلامی لە دوو توێی پەرتووکێکی دوو بەرگی لە ساڵی 2009 چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە سلێمانی لە هەردوو ناوەندی ڕێنوێن و لە هەولێر لە تەفسیر دەستدەکەوێت.

کتێبەکە بە عەرەبی دوو جار چاپکراوە، لە پێشەکی چاپی دووەم، کە نووسەر لە ساڵی 2007 لە کەنەدا نووسیویەتی، دەڵێ: "کەوتنی ڕژێمی سەدام حوسێن لە عێراق 2003 جارێکی تر مەسەلەی کوردی هێنایەوە سەر شانۆی ڕووداوەکان، لەوەتەی دەوڵەتی عێراق درووست بووە یەکەم جارە کورد قورسایی گەورەیی هەیە لە داڕشتنی بڕیار و دیاریکردنی ئایندەی ئەو وڵاتە، لەو حاڵەتەدا ئارەزووی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا و لۆبی کوردیی ڕێکوپێك لە دەرەوە، ڕێگە خۆش دەکات کوردانی تورکیشا بتوانن زیاتر دەستکەوتی نەتەوەیی دەست بخەن، هەروەها فیدراڵیەتی کوردان لە عێراق و کەناڵە کوردییە ئاسمانییەکان کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر کوردی ئێران، ئایییندەی کێشەی کورد لە دە ساڵی ڕابردوو دەبێتە جێی بایەخی داڕێژەرانی بڕیار و پسپۆڕان لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست.

زۆربەی ئەو بابەتانەی لەدوای ڕژێمی سەددام حوسێن هاتنە بەرباس، بەتایبەت ڕۆڵی کورد، ئەو بابەتانەن، کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی و سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەلای لایەنە پەیوەندییدارەکان جێی بایەخ بوون، ئێمە لە چوار بەشی ئەم کتێبەدا باسمان کردوون.
بۆ تێگەیشتن لە بایەخی کێشەی کورد لە داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە، ئەم کتێبە دەبێتە جێی بایەخی پسپۆڕان و چاودێران بە کێشەی عێڕاق و کورد".

سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە بەشێوەیەکی گشتی جیا لە پێشەکی لە شازدە بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە هەر بەشێك لە چەند بڕگەیەك پێکهاتووە، هەروەها چەندین دۆکیومێنت و بەڵگەنامەی مێژووی تایبەت بە ڕووداوەکانی هەر بڕگە و بەشێك ئاماژەیان بۆ کراوە. کە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژە بۆ بەشەکان و ناوەڕۆکەکانییان دەکەین.

بەشی یەکەم: کورد لە ناکۆکی رووسی – عوسمانییدا.
لەم بەشە تیشك خراوەتە سەر دۆزی کورد لە ململانێکانی هەردوو ئیمپڕاتۆرییەتی رووسی و عوسمانی لە سەدەی نۆزدە.

وتار



میانڕەویی و کاریگەریی ئەو لە پەروەردەیەکی ئیسلا...

د.سەباح بەرزنجی



کتێبی (بنکەنکردنی دیوارێکی لەرزۆک)...

هۆشیار جەماڵ

زیاتر

توێژینەوە



تیرۆر یان دایڤێرستی لە کۆمەڵگای کوردی؟...



بیری نەتەوایەتی و ڕەنگدانەوەی لەنێو فەرهەنگی ئیسلامیدا (...



ناوەدانکردنە و ویرانکاری...

زیاتر

ڤیدیۆ



ماف و ئازادیەکان لە ئیسلامدا د.سەباح بەرزنجی...

سەرەتا تیشک دەخاتە سەر گوزەرانی کۆمەڵایەتی کورد لە سەدەی نۆزدە و دواتر لەسەر کورد و شەڕی نێوان رووس و تورک لە ساڵانی 1928 بۆ 1880 دەوەستێت. دواتر وردتر باس لە رووداوەکان دەکات، راپەڕینەکانی کورد و پەیوەندییان بە ململانێکانی تورک و ئینگلیز، هەروەها شەڕی رووس و تورک دەخات بەرباس، هەر یەکە لە شەڕەکانی قەرم لە 1853 – 1854 و شەڕی رووسی – عوسمانی 1877ز – 1878 بە وردی شیکارکراون.

بەشی دووەم: دەوڵەتی میرموحەممەدی سۆران

لەم بەشەدا نووسەر قسە لەسەر میرنشینی سۆران دەکات، ئەو پێی وایە: میر موحەممەد لە یەك کاتدا فەرماندەییەکی سەربازیی و ئیداریی بووە، کۆبوونەوەی ئەو خاسییەتە کارامەییە سەربازی و ئیدارییە لە کەسی میر موحەممەد پروپاگەندەی شۆڤێنییەکانی عەرەب و فارس و تورك ناهێڵێ کە پێیان وایە کورد خاوەنی پیاوی کارامەیی سیاسیی نەبووە.

هەروەها پێی وایە کە کەوتنی میرنشینی سۆران دەگەڕێتەوە بۆ پیلانی هێزە گەورەکان بە هاوکاری هێزە خۆجێیەکان، لەگەڵ سووربوونی بەریتانیا بۆ هێشتنەوەی بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەسەر شێوازی کۆنی هەتا بتوانێ لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری بهێنێت، ئەمە هۆکاری سەرەکی بووە نەك فەتوایەکەی مەلای خەتێ. کە بە تێروتەسەلی لە برگەیەکدا هۆکارە سەرەکییەکانی کەوتنی میرنشینەکە دەخاتە ڕوو.

بەشی سێیەم: حکومەتی بەدرخانی کوردی و ململانێی کوردی – ئاشوری 1843 – 1847

کەسایەتی میر بەدرخان و هۆکارەکانی دەرکەوتنی و هەروەها هۆکارە سەرەکییەکانی کەوتنی حکومەتی بەدرخان، ململانێی کورد و ئاشوری و رۆڵ و کاریگەری عوسمانییەکان لەو ململانێیە و هێرشەکانی هێزەکانی عوسمانی بۆ سەر میرنشینی بۆتان دیارترین برگە و تەوەری ئەم بەشەن.

نووسەر پێی وایە، بزاڤی میر بەدرخان تەنیا بریتیی بووە لە کاردانەوەی هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ لەناوبردنی ویستی کورد لە بەردەوامبونی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی، هەرگیز ئەم بزاڤە بریتی نەبووە لە جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی کوردی.

هەروەها، میر بەدرخان وەکو روناکبیرێکی ئیسلامی، ویستوویەتی دەوڵەتێك دروست بکات کە شەریعەتی ئیسلامی تێدا پیادە بکات و بەرپرسیارییەتەکەی بە زانایانی شەرعزان بسپێردرێت، سەرەکیترین هۆکاری کەوتنی ئەو حکومەتەش بریتی بووە لە شەڕکردنی بەدرخان لەگەڵ ئاشووری و میسیۆنەرانی ئەوروپیی، هەروەك هەمان رۆڵی خراپیان گێراوە لە خستنی جوڵانەوەکانی سمکۆی شکاك و شێخ مەحموود و شێخ ئەحمەدی بارزان.

بەشی چوارەم: جوڵانەوەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری 1880 – 1883

لەم بەشە تیشك خراوەتە سەر رووداوەکانی راپەڕینەکەی شێخی نەهری، ئامانجەکانی راپەڕینەکە و هۆکارە سەرەکییەکانی کەوتنی شۆڕش و جوڵانەوە و راپەڕینەکە.

نووسەر لە میانەی ئەو بەشە باس لەوە دەکات کە هۆکاری راستەقینەی سەرهەڵدانی ئەم راپەڕینە بریتی نەبووە لە بەرژەوەندی کورد بە پلەی یەکەم، بەڵکو کاردانەوە بووە لە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی کە بەناوی چاکسازی دەستی بەسەر دەسەڵاتی خۆکارگێری لە کوردستان دەگرت.

جوڵانەوەکە بە پلەی یەکەم پشتی بە کەلەپووری تەریقەتی نەقشبەندی بەستووە و بە شێوەی (کوردایەتی بە بێ بیری کوردایەتی) بەرگری لە هەردوو دۆزی کوردایەتی و ئیسلامییەت کردووە. بەمەش دەکرێت شێخ عوبەیدوڵا بە پێشەنگی کوردایەتی دابنرێت چونکە پوختەی ئیسلامەتی لەگەڵ پاڵفتەی کوردایەتی لە یەك تەرازوو دانابوو، هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ بەریتانیا و گۆڕینی دۆستایەتی لە عوسمانییەکان بۆ بەریتانییەکان بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی شارەزایی قوڵی شێخ دەسەلمێنێت لە سیاسەت و تێروانینی واقیعیانە لە هەمبەر کاریگەرییەکانی هێزە ئیقلیمیەکان لەسەر کوردستان.

بەشی پێنجەم: سوڵتان عەبدولحەمید و کورد و لەشکری حەمیدییەی کوردی 1881 -1909

تەوەرەکانی ئەم بەشەش ئاماژەن بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانی دروستکردنی سوارەی حەمیدییە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمید، کە نووسەر ئەم هەنگاوەی سوڵتان وەك بەرجەستەکردنی سیاسەتێکی حەکیمانە پیشان دەدات، چونکە سوارەی حەمیدییە هەم سەرنجی کوردی بۆخۆی راکێشا و هەمیش بەماوەیەکی کورت توانی بەر بگرێت لە بیری نادینی و بنبرکردنی، هەروەك پارێزەری راستەقینەش بوون بۆ پاراستنی کوردستان لە دەستی هێزەکانی ئەرمەن و هاوپەیمانەکانییان.

لەم بەشەدا تیشکێك خراوەتە سەر کێشەی ئەرمەن و دەوڵەتی عوسمانی و رۆڵی کورد لە کێشە و ململانێکانی نێوان هەردوو نەتەوەی تورك و ئەرمەن.

بەشی شەشەم: کوردستان لە سایەی دەسەڵاتی ئیتیحاد و تەرەقی 1908 – 1918

لەم بەشەدا تیشك خراوەتە سەر تەوەرێکی گرنگ، وەك: نەتەوایەتی و بیری نەتەوایەتی لەو سەردەم، هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئیتیحاد لە هەمبەر کوردستان، رۆڵی کورد لە بزووتنەوەی دەستووریی، کۆمەڵە و یانە کوردییەکانی ئەو کات، تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی ئیتیحادییەکان لە کوردستان، بزاڤ و جوڵانەوە کوردییەکان دژ بە ئیتیحاد، وەك: بزوتنەوەی ئیبراهیم پاشای میللی، شۆڕشی شێخ سەعیدی حەفید، بزوتنەوەی مەلا سەلیمی خێزانی لە بەدلیس 1914، بزوتنەوەی شێخ عەبدوسسەلامی بارزانی، شۆڕشی بەرفراوانی کورد عەبدورەزاق بەدرخان و سمکۆ و سەید تەها، دواتر برگەیەك بەناونیشانی "کوردستان لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی" تایبەت دەکات و ئەم بەشە بەکۆتا دەگەیەنێت.

بەشی حەوتەم: حکومەتی یەکەمی شێخ مەحموود 1818 – 1819

رژێمی خێڵەکیی، ئیدارەی شێخ مەحمودی حەفید، کەوتنی حکومەتی شێخ و هۆکارەکانی، هەروەها بێمتمانەیی نێوان شێخ و

ئینگلیز، ناکۆکی کورد و کۆمەڵە کوردییەکانی ئەو کات، نەبوونی سیاسەتێکی روونی بەریتانییەکان لە هەمبەر پرسی کورد لە کوردستانی عێراق، گرنگترین برگە و تەوەری ئەم بەشەن.

بەشی هەشتەم: ئیدارەی مێجەرسۆن لە کوردستانی باشوور 1919 – 1920
لەم بەشە تیشك خراوەتە سەر بەدیلەکەی داگیرکاری ئینگلیز بۆ حکومەتی شێخ مەحموود، کە نووسەر بە حکومەت و ئیدارەی خێڵەکی ناوزەدی دەکات، دواتر باس لە نارەزایەتییەکانی بادینان و جیهادەکەیان دژی ئینگلیز دەکات، دواتر تیشك دەخاتە سەر رووداوەکان و ئەو نا ئارامییەی لە هەولێر و کەرکوك هاتەئاراوە لە ساڵی 1920 لە ژێر سایەی حکومڕانی راستەوخۆی ئینگلیز بە سەرپەرشتی مێجەرسۆن، دواتر باس لە هۆکارە سەرەکییەکانی بانگەوازی جیهاد لە دژی ئینگلیز دەکات لە کوردستانی باشوور.

بەشی نۆیەم: ئیسماعیل ئاغای سمکۆ رێوی سیاسەتی کوردی و سیاسەتی پراگماتیانە.
سەرەتا باس لە تێروانینی سیاسەتوان و نووسەرە کوردەکان دەکات بۆ شۆڕشەکەی سمکۆی شکاك، کە زۆرینەیان وێنەیەکی خراپیان نیشانداوە و بە تاکرە و توندرە و خێڵەکی ناوزەدیان کردووە، دواتر بنەما لەسەر چەندین بەڵگەنامەی مێژووی قسەی خۆی لەسەر شۆڕشەکەی سمکۆ دەکات و ئەو پێیوایە:
ئەگەرچی هەندێ هەڵەی هەبووە لە تێروانینی بۆ چەند پرسێکی سیاسیی ناوچەکە، بەڵام سمکۆ دەکرێت وەك رێوی سیاسەتی کوردی و سیاسەتی پراگماتی کوردی هەژمار بکرێت، کە لەسەدەی بیستەم هیچ کەس وەك ئەو لە یارییە سیاسییەکان و جوڵانەوەکان شارەزا و کارا و وریا نەبووە.

بەشی دەیەم: حکومەتی دووەمی شێخ مەحموود
لەم بەشەدا سەرەتا قسە لەسەر کۆنگرەی قاهیرە دەکات کە لە ساڵی 1921 بەستراوە، کە تیایدا نەخشەی سیاسی بەریتانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دیاریکراوە. دواتر مەسەلەی ئۆزدەمیر و پەیوەندی بە شێخ مەحموود، هەروەها کورد و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران زۆرینەی پرسەکانی ئەم بەشە لەخۆدەگرن، لە کۆتا برگە باس لە پەیوەندی نێوان سەید تەها و سمکۆی شکاك و شێخ مەحموودی حەفید دەکات.
هەروەها پێی وایە کە دامەزراندنی حکومەتی دووەمی شێخ مەحموودیش لەلایەن ئینگلیز کاتی بووە و مەبەست لێی بریتی بووە لە خزمەتکردنی ئامانجە سیاسییەکانی بەریتانیا لە عێراق.

بەشی یازدەیەم: کورد و وتوێژەکانی لۆزان بۆ ئاشتی 1922- 1923
لەم بەشەدا نووسەر هەوڵیداوە وەڵامی چەند پرسیارێکی جەوهەری بداتەوە، گرنگترینیان: بۆچی لەماوەی وتووێژەکانی لۆزان کورد و کێشەکەی لەلایەن ئینگلیزەوە بووە قۆچی قوربانی؟ چۆن کوردستان بەسەر هەریەك لە عێراق و تورکیا دابەشکرا؟، چۆن وتووێژەکانی لۆزان شوێنەواری لەسەر سیاسەتی بەریتانیی لە بەرانبەر کورد بەجێهێشت؟.
شیاوی ئاماژەپێکردنە، وتووێژەکانی لۆزان بۆ ئاشتی لە 24 ی تشرینی دووەمی 1922 دەستی پێکردووە و لە 24ی تەموزی 1923 بریارەکانی لۆزان دەرکران.

بەشی دوازدەیەم: هۆکاری کوردی لە کێشەی ویلایەتی موسڵ 1922- 1925
نووسەر لەم بەشە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سیاسەتی بەریتانیی لە قەیرانی موسڵ تا رادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری ئارەزووی بەرژەوەندی ئیمپریالیستی خۆیدا بووە، لە دەستگرتن بەسەر نەوت و دەروازە زیندووەکانی ناوچەکە. لەلایەکی تر تورکیا بەشێوەیەکی سەرەکی نیگەران بوو. بەهاندانی نەتەوایەتی کوردی لە ویلایەتی موسڵ لەلایەن حکومەتی بەریتانییەوە، کە گوزارشتنی لە هەڕەشە دەکرد بۆ سەر بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی و پێی وابووە لێدانێکی ئاراستەکراوە بۆ سیاسەتی وریابوونەوەی کورد لەو بەشەی سەر بە دەوڵەتی ناسیۆنالیستی خۆیەتی، کێشەی موسڵ یەکەمجار لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست رەهەندی کێشەی کوردی هێنایە گۆڕێ.

بەشی سێزدە: بزوتنەوەی شێخ سەعیدی پیران 1925
گرنگترین تەوەری سەرەکی ئەم بەشە بریتییە لە رۆڵی شەریعەت و بیری نەتەوایەتی و چۆنیەتی مامەڵەی شێخ لەگەڵ هەردوو پرسەکە و چۆنیەتی بەیەك بەستنەوەیان، لە درێژەی بەشەکە باس لە رووداوەکانی شۆڕش، هۆیەکانی سەرنەکەوتنی راپەرینەکە، رۆڵی شێخ سەعیدی پیران لە راپەرینەکە، دواتر دادگاییکردنی شێخ و بریارەکانی دادگای سەربەخۆ لە دیاربەکر لە ساڵی 1925.

بەشی چواردەیەم: جوڵانەوەی سێیەمی شێخ مەحموود و جوڵانەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان
لەم بەشەدا تیشك خراوەتە سەر جوڵانەوە و رووداوە سیاسییەکانی پەیوەست بەکورد لە کوردستانی باشور لە نێوان ساڵانی 1930 تا 1932، هەروەها هۆکارەکانی شۆڕشی ئەیلولی 1930، کورد و پەیمانی ساڵی 1930، راپەرینی ئەیلولی 1930 لە سلێمانی، شۆڕشی سێیەمی شێخ مەحموود، دواتر جوڵانەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان لەم بەشەدا تاوتوێ کراون.

بەشی پازدەیەم: جوڵانەوەی دووەمی بارزان
لەم بەشەش باس لە رووداوەکانی 1942 تا 1945 کراون و شیکارکراون، سەرەتا تیشك خراوەتە سەر گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی و شیکاری یاداشتنامەیەك لەسەر بارودۆخی باری ئەو کاتی سەربازی کوردستان، دواتر چەند وانە و پەندێکی لەم پرسانە هەڵێنجاون و رێنووسی کردوون. گرنگترینیان: "لەسەر سەرکردەکانی کورد پێویستە ئەگەر لەبەرامبەر

هێزێکی هەرێمی یان نێودەوڵەتی وەستانەوە دۆستایەتی یەکێك لە هێزە گەورەکان مسۆگەر بکەن، هەروەها لە ناوەوە ماڵی کوردی رێك بخەن، تا لە دەرەوە نەکرێتە کارتێك بۆ لێکترازان، ئەمانەش لە گرنگترین بنەماکانی سەرکەوتنە لە جەنگە چارەنووسسازەکان".

**بەشی شازدەیەم: کۆماری کوردستان لە مهاباد**

ئەم بەشە تایبەتە بە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی کۆماری کوردستان و رووخانی کۆمارەکە، سەرەتا باس لە پەیوەندی نێوان رەزا شا و کورد دەکات، دواتر شیکاری بارودۆخی ئێرانی ئەو کات و دەستێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی کوردستان لە شەڕی دووەمی جیهانی و رووداوەکانی راپەڕینی ورمێ لەساڵی 1942، پاشان دروستکردنی کۆمەڵەی ژێکاف و رووس و هیوا، ئامانجەکانی ژێکاف و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی هیوا، ئینجا کۆماری کوردستان و سۆڤیەت، دۆخی کۆمارەکە لە جەنگی سارد، لە میانەی پرسەکانی پەیوەست بە دۆخی ناوخۆی کۆمارەکە تیشك دەخاتە سەر رۆڵی چەند کەسایەتی و سەرکردەیەك وەك: مەلا مستەفای بارزانی، عومەرخانی شکاك، حەمە رەشید خانی بانە.
دواتر بەچەند بەڵگەنامەیەکی تایبەت بە کۆماری مهاباد و کەوتنی کۆتایی بەم بەشە و کتێبەکە دەهێنێت.

**هونەری رەنگەکان لە ئیسلامدا و کاریگ...**

محمد مەلا محمود تاوگۆزی

**وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا وەک شوێنی بازرگ...**

هۆشیار جەمال

**کورد لە ململانێی عوسمانی سەفەوی دا خو...**

د. ئاراس محمد صالح

**میانڕەویی و کاریگەریی ئەو لە پەروە...**

د.سەباح بەرزنجی

**کتێبی (بنکەنکردنی دیوارێکی لەرزۆک)...**

هۆشیار جەمال

**پاشای دادپەروەر...**

فەرەیدوون ئه حمه د

**شارستانیەتی ئیسلامی، هۆکاری دواکەوتن...**

لوقمان سەمەد برادۆستی

**خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی "منهج القرآن ال...**

هەژار حاتەم

**زانستی نوێ سەلماندی: "گشت مرۆڤەکان تەنها...**

د. ازاد علي اسماعيل

**ئیلحاد و ئەخلاق ... ئەگەر خواوەند نەفس...**

و: د. مەریوان حەمە دەروێش صالح

1 بۆ 10 لە کۆی 213 سەرەتا کۆتایی

Copyright ©, All Right Reserved.

Created by DotNet For IT Solutions